**ڕۆنکردنەوە**

## ئاسایشی سلێمانی وەڵامی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەونانی کوردستان سەبارەت کێشەی ڕۆژنامەوان محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی دەداتەوە

لە نامەیەکی کرایەوەدا ئاسایشی سلێمانی بە کۆمیتەکەمانی ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەوان محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی لەلایەن ئاسایشی شاری (کۆیە)وە  گیراوە و هەر داواکاریەک دەتوانرێت ئاراستەی ئەوان بکرێت.  ئێمە سوپاسی ئاسایشی شاری سلێمانی دەکەین کە وەڵامی ئێمەیان دایەوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاشکرایان کرد کە ڕۆژنامەوان محەمەد سیاسی لای ئاسایشی شاری کۆیەوە گیراوە. هاوکات داوا لە ئاسایشی شاری (کۆیە) دەکەین هەرچی زووە ڕۆنکردنەوەیەک سەبارەت  گرتنی محمەد سیاسی ئەشکەنەیی بلاْوبکەنەوە و بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ کێشەی ڕۆژنامەوان محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی بکەن. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە پێش ئێستا پەیوەندی بە ئاسایشی شاری کۆیەوە کراوە و ئەوان نکۆڵیان لەوە کردبوو کە ڕۆژنامەوان محەمەد سیاسی لای ئەوان گیرابێت.  ئێمە پێمان وایە ئاسایشی شاری کۆیە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەکەڵ ئاسایشی شاری سلێمانییەوە هەیە و ئەوان بە شێوەیەکی مەرکەزی دەتوانن وەڵام و هەواڵی ڕاستەقینە سەبارەت محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی بلاْوبکەنەوە.

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەونانی کوردستان**
**http://www.ymek.org/journalists.htm**
**ko_b_r_ku@yahoo.se**

**2007-02-05**